www.kurdistannet.org

## ئەوین و مەحاڵ

حەمەسەعید حەسەن

دەزانی زەریا چەن قووڵە!
هێندەی قووڵایی زەریاکان
خۆشم دەوێی،
دەزانی ئاسمان چەن دوورە!
هێندەی دووریی
حەوتەمین نهۆمی ئاسمان
خۆشم دەوێی،
هێندەی بەرینیی بیابان
خۆشم دەوێی،
هێندەی بەرزایی چیاکان
خۆشم دەوێی.
خۆشم دەوێیت و ئەوینم
ئەوەندە پاکژە دەڵێی
بەفرە بە ترۆپکی کۆوە،«*»
خۆشم دەوێیت و دەزانم
چارەنووسم
بەندە بە ئەوینی تۆوە.
خۆشم دەوێیت و دڵنیام
هەر چی بکەین،
مەحاڵە بە یەکدی بگەین،
دڵداریمان
پەیامێکە ناگاتە جێ،
چیرۆکێکە
بە کارەسات کۆتایی دێ.

2003. 10. 18

بە کاریگەریتیی گۆرانیی
‹شایف البحر›ی ‹فەیرووز›
نووسراوە.

* ترۆپکی کۆ: لوتکەی چیا.